# قوڵپی گریان

رزگار حەسەن

قوڵپی گریان بۆ ئەدەبی کوردی کە خەڵاتی ئەدەبی رەسەنی نیە. ئەو خەڵاتە ئەدەبییانەی کە دروستکراوە نەک سیاسیە بەڵکە لە بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتیە. هەر وەک چۆن دوو هێزی سیاسی گەورە هەیە، هەرواش دوو جەمسەری ئەدەب دروست کراوە.ئەمەش هیچ جێی سەرسوڕمان نیە بۆ میللەتێ کە دواکەوتووبێ و لە هەمان کاتدا نەیەوێ هەنگاوی پێشکەوتن هەڵ بهێنێ. کاتێ خەڵاتی ئەدەب دەدرێ بە نوسەرێک لە سەر سەرجەمی بەرهەمەکانیەتی نەک تاکە بەرهەمێکی، سەرجەمی نوسینەکانی هەڵدەسەنگێندرێ، و چۆن بابەتەکانی مامەڵەکردوە، ئەمجا چەندێ بەرهەمەکانی لە خزمەت ئەدەب و مرۆڤ و کۆمەڵگادایە. تەکنیک و بەهرەی نوسەرەکەش رەچاو دەکرێت. وەرگری خەڵاتی ئاراس کە خەڵاتی ئاراسیان پێداوە ، وەنەبێ لە مەیدانی ئەدەبدا خۆی بدا لە قەرەی پیرەمێرد و مەحوی و گۆران و شێرکۆ بێکەس. بەرهەمەکانی مۆنۆتۆنە، هەر هەمووی لە سەر یەک تەکنیکی ئەدەبی داڕشتووە، ئەویش تەکنیکی میتافۆڕ. وەرگری خەڵاتی ئاراس شارەزایەکی تەواوی لە میتافۆرکردن هەیە. وەستایە لەو مەیدانەدا، ئەوەندە زاڵە بە سەر میتافۆڕکردنی وشە و بابەت بە شێوەیەک هەموو ژیانی گرتوەتەوە، نە شیعری نە وتاری نە قسەکردنی بەبێ میتافۆڕ نیە. میتافۆڕ تەکنیکێکی زمانە کە مانای وشە هەڵدەگێڕێتەوە، مانای وشە لە شوێنی خۆیدا بەکار ناهێنێ و دەیخاتە دۆخێکی ترەوە و بە مانایەکی تر بە کاری دەهێنێ. تەعبیر لە شوێنی خۆیدا بەکار ناهێنێ و تەعبیرەکە دەخاتە دۆخێکی ترەوە. میتافۆرکردنی زمان و دەربڕینی میتافۆڕی سەرنج ڕاکێشە و خوێندنەوەی خۆشە. سەرکەوتنی وەرگری خەڵاتی ئاراس تەنها لەوێدایە، ئەگینا نوسینەکانی ناوەرۆکی قوڵی نیە کە زەینی مرۆڤ بیزوێنێ. تەنانەت هەڵوێستەکانیشی میتافۆڕ دەکات : لەولا محەممەدی مەلا کەریم خەڵاتی پێدرا، ئەم نامەیەکی ئاراستە کرد،نوسیبوی تۆ مامۆستام بوی بۆ ئەو خەڵاتەت وەرگرت، لەملا خۆی خەڵاتی ئاراسی وەرگرت بە گەلێ پڕوپاگەندەوە، ئەمجاش دەنوسێ بەڵکو لەولاش خەڵاتێکم پێ بدەن. ئەوەندەی بزانم سارتر خەڵاتی ئەدەبی ( نوبل ) یان پێدا نەک نەچوو وەری بگرێ بەڵکە خەڵاتەکەی رەتکردەوە.

قوڵپی گریان بۆ میللەتی کورد کە چۆن گیرۆدەی هێزە سیاسیەکانیەتی. سەردەمێک بوو میللەت ئاواتی پەیداکردبوو گوایە بە رەزامەندی هەموو لایەک سەرۆک بۆ میللەتی کورد دادەنرێ، بەڵام تراویلکە بوو، دیسان کەوتنەوە تەگەرە دروستکردن لە بەردەم پرۆسەی یەکگرتنەوەی دەسەڵاتی سیاسی کوردستان. دیموکراتی لە عێراقدا سەقامگیر دەبێت، بەڵام دوودڵم لەوەی دیموکراتی لە کوردستان سەقامگیر ببێت. بێگومان عێراقێکی دیموکراتی و کوردستانێکی نادیموکراتی تەنها بە زیانی میللەتی کورد دەگەڕێتەوە. لەم هەڵبژاردنەی دوایدا هێزە سیاسیەکانی کورد سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست هێنا. هەڵبژاردنەکە هێزە سیاسیەکانی کوردی خستە سەنگەرێکی بەهێزەوە لە پەرلەمانی عێراقیدا و یارمەتی دان کە بەشداری لە دروستکردنی حکومەتدا بکەن. بۆ یەکەمجار کورد سەرکەوتنی بەدەست هێنا کە بە هێزی چەک نەبوو، بەڵکو بە دیموکراتی بەدەستی هێنا و ئەویش زەبری دیموکراتی بوو.ئەو سەرکەوتنەش نە سەرکەوتنی حیزب بوو نە سەرکەوتنی پێشمەرگە، بگرە سەرکەوتنی میللەت بوو کە بەگشتی پاڵپشتی هێزە سیاسیەکانی کرد لە هەڵبژاردنەکەدا. کەواتە میللەتەکە دروستی کرد و ویست و خواستی میللەت بوو. لە دیموکراتیدا ڕێز لە ئیرادەی میللەت دەگیرێ، هێزە سیاسیەکان گوێ رایەڵی خواستی میللەتن. تەگەرە دروستکردن لە بەردەم پرۆسەی دیموکراتی و یەکگرتنەوەی دەسەڵاتی سیاسی کوردستان پێشێلکردنی ئیرادە و خواستی میللەتی کوردە. جیاوازی هەیە لە نێوان دیموکراتی گۆترە و دیموکراتی راستەقینە، دیموکراتی راستەقینە لەسەر بنچینەی ئەڵتێرناتیڤە و خواستی میللەت. سەرۆک بۆ ماوەی دوانزە ساڵ دوورە لە روانینێکی واقیعیانە نە بۆ سیاسەت نە بۆ دیموکراتی، بەڵکە ئیرادەی خۆسەپاندنە بەسەر واقیعدا. رازی نەبوون بە جێگر ویستی یەکانەییە. سەرۆک وەک مەرجەعی سیاسی ، شەخسیەت پەرستیە و عەقلیەتێکی دواکەوتوویی. تراژیدیای میللەتی کورد لەوێدایە عەرەب رازی بوو جەلال تاڵەبانی ببێ بە سەرۆکی عێراق ، بەڵام بەدڵنیایی کورد خۆی رازی نەدەبوو ببێ بە سەرۆکی کوردستان!!!. کورد هەمیشە قوربانی عەقلیەتیەتی، کورد بەناویانگە بە کەلەرەقی. ئەگەر تۆزێ گیانی لێبووردن هەبوایە ، گەر تۆزێ نەرمیتی لە بیرکردنەوەدا هەبوایە کورد لە واقیعێکی تردا دەژیا. پانزە ساڵە بە کارەسات و نەهامەتیەوە بەربەرەکانیە لەسەر دەسەڵاتداریتی و سەرۆکی دەسەڵات. ئەگەر سەرۆکانمان رازی ببونایە کە هەر یەکەی چوار ساڵ سەرۆک بوایە ، تا ئێستا هەریەکە نۆبەی خۆی تەواوکردبوو و میللەتەکەش لە ئازادی و دیموکراتیدا دەژیا، میللەتەکەش یەکگرتوو دەبوو.